# خۆشخەیاڵی لە سەردەمی کۆلێرادا

## بەختیار کەریم

لەکاتێکدا کە تەوژمێک لە شۆڤێنیەتی عەرەبی پرۆسەیەکی سیستیماتیکی بەرێوەدەبات و لە هەوڵێکی جدیدایە بۆ نکوڵیکردن لە کارەساتەکانی هەڵبجە و ئەنفال، دەمڕاستی سیاسی کورد (لێرەوەرا سەرکردایەتی سیاسی کورد) تا ئەندازەی خودکوژی بە وەهمی چەمکگەلێکی لە چەشنی برایەتی و تەوافوق گومڕابوون و قەدەری نەتەوەیەک بەرەو نادیار و بگرە تاریکی دەبەن. لەلایەکی تریشەوە توێژی دەمڕاستی (ڕۆشنبیری) نێو فەرهەنگی کوردی، یان بە ڕۆحیەتی چەقۆکێشەوە سەرقاڵی نووسینی جنێونامە و تیرۆرکردنی کاراکتەری (ئەویتر)ە، لە کاتێکدا زاری زۆربەی ئەم توێژە لە ڕۆشنبیر لێوانلێوە لە چەمکگەلێکی وەک (تۆلێرانس، جیاوازی، فرەڕەنگی و فرەدەنگی و هتد..) کە بەرهەمی فەلسەفەیەکی گرنگ وەلێ بێهودە گوێزراوەی وەک فەلسەفەی پۆست-مۆدێرنن. یان زۆریان کوتومت وەک هەمان سەنگەرفرۆش و جاشەکانی سەردەمی شەڕی ناوخۆ سەرگەرمی کۆکردنەوەی خەلات و وەرگرتنی پارەو زەویین لەملا یان لەولا، بەبێ ئەوەی بزانرێت ئەم بەخشندەییەی حیزب لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە پاداشتی چی دەداتەوە،هەروەها ئەم خۆبەدەستەوەدانە مێگەل ئاسایەی زۆربەی ڕۆشنبیری کورد بەرەو کوێمان دەبات.

جێگەی ئاماژە پێدانە کە لە ڕۆژی 2004/12/28 لەبەشی ئینگلیزی سایتی (الجزيرة) دا نوسینێک لەلایەن (محمد العوبيدي)[1] کە پرۆفیسۆرە لە زانکۆیەکی بریتانی و گووتەبێژی بزوتنەوەی خەباتی گەلیی عێراقیە (الكفاح الشعبي العراقي) لەسەر قەبارەی تاوانی هەڵەبجە و لایەنی تاوانبار لەو تاوانە بلاوکرابووەوە. نوسەر تەنها بەوەوە ناوەستێت کە دەڵێت ئێران هەڵەبجەی کیمیابارانکرد نەک عێراق، بەڵکو دەڵێت کە قوربانیانی هەڵەبجە لە چەند سەد کەسێک تێپەڕناکات، بەپێی ئەم نوسەرە تاوانی هەڵەبجە لە ئەنجامی هاوپەیمانێتیەکی (کورد، ئیسرائیل وە ئەمریکا) گەورەکراوە و خراوەتە ئەستۆی ڕژێمی سەدام. پاشان سەبارەت بە ئەنفال دەڵێت کە هەڵبەستراوی سەرکردایەتی سیاسی کوردیە. بێگومان ئاشکرایە کە ڕۆژنامە عەرەبییەکان لێوانلێون لەم تەرزە لە نوسین، ئەوەی لێرەدا جێگەی بایەخە و دەبێت لێی وریا بین ئەوەیە کە ئەم هەولانە درێژەیان دەبێت و ئەگەر تا ئێستاش فۆرمێکی سیستیماتیکی وەرنەگرتبێت ئەوا ئەزموونی هۆلۆکۆست و جولەکە پێشانی دەدات کە لە داهاتودا ئەو فۆرمە وەردەگرێت. دواجار خۆ ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە ئاستو گرنگی سەربڕینی مرۆڤی کورد کەمدەکەنەوەو وەک بەشێک لە تیرۆرێکی دۆڕاو کە دوا پەلەقاژێکانی خۆی نمایش دەکات ئاماژەی بۆ دەکەن، ئەم جۆرە لە شاڵاوی فاشیستانەی دژەکورد لە قەڵەم یان زاری ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدارانێکەوە دێنە نووسین و گووتن کە خودی ئەم سەرکردایەتیە خۆیان و ئێمەیان مەحکوم بە قەدەرێکی هاوبەش کردوە لەگەڵیاندا. بەواتایەکی دی ناکرێت ئەم جۆرە لە بۆچوون و هەوڵی نکوڵیکردن لە هەڵەبجە و ئەنفال ڕاگوزەر بەسەرماندا تێپەڕێت، چونکە ئەمە گووتاری بەشێک لەو سیایسی و ڕۆشنبیرانە پێکدێنێت کە سەرکردایەتی سیاسی کورد عێراقیان لەگەڵ بنیاتدەنێنەوە لەسەر کۆمەڵێک پەیمان و مەرج کە زۆر لەوە تەلیسماویترن متمانەیان پێبکرێت.

ئەوەی جێگەی بایەخی ئەم ووتارەیە ئاوڕدانەو ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بەو تەوژمە شۆڤێنییە عەرەبییەی کە بێپسانەوە لەهەوڵی نووسینەوەی مێژوویەکی شێوێندراودایە کە لەلایەکەوە لە خزمەتی ئایدۆلۆجیای پان-عەرەبیستیدایەو درێژکراوەی ئەو پرۆسەی جینۆسایدیە کە لە ئەنفالدا بە چڵەپۆپەی

خۆی گەیشت و هێشتا ئاماژەکانی کۆتای هاتنی دەرنەکەوتون، لەلایەکی ترەوە هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی ئەو سامانە ڕەمزییەی نەتەوەی قوربانی، لە پێناو دووبارە بنیاتنانەوەی نەتەوەی جەلاد و لەوێوەڕا وەگەڕخستنەوەی ڕەوڕەوەی ئەو جینۆسایدەی کە ڕووداوێکی سیاسی و مێژوویی دیاریکراو سڕیکردبوو. ئەمە بەو واتایە نیە کە خوێنەری کورد نائاشنا بێت بەم تەوژمە شۆڤێنییە چونکە لەڕووی پراکتیکیەوە ئەم تەوژمە کەمتەرخەمی نەکردوە لە سەربڕینی مرۆڤی کورددا، ئەشێت ئەمە بەس بێت بۆئەوەی ئەو بڕوایەمان لەلا دروست ببێت کە خوێنەرەی کورد و تاڕادەیەکیش جەماوەری کوردستان بەم تەوژمە ئاشنا بێت و کەم تا زۆر دەرکی بەهەڕەشەکانی کردبێت و ژەهری شالاوەکانیشی تامکردبێت. بەڵکو ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە کە ئەم ئاگاهییە نەبۆتە کۆ-ئاگاهییەک کە تەواوی کۆمەڵگایەک بتوانێت بە هەڕەشەکانی ئەم جۆرە لە تەوژمی شۆڤێنی ئاشنا بێت و هەڵوێست لەهەمبەریدا وەربگرێت و کار بۆ بەرپێگرتنی بکات، ئەگەر ئاگاهیەکی لەوجۆرەش لای هەندێک دروستبووبێت لە ئاستی گومان تێنەپەڕیوە، ئەم جۆرەش لە گومان زووتر لە پێویست دەڕەوێتەوە کاتێک دەسەڵاتی سیاسی کورد کارەساتی لە جۆری سەربڕینی کورد بە بەشێک لە تیرۆرێکی پەراوێزکەوتوی کۆنەبەعسی و ئیسلامیە توندڕەوەکان دەناسێنێت، وەلێ ئەو جیهانبینیە سامناکە پشتگوێ دەخات کە لە پشت هەر ڕووداوێکی لەم چەشنە کارایانە ئامادەگی هەیە. جیهانبینیەک کە درێژکراوەی بیرێکی شۆڤێنی ناوچەیی دژەکوردیە، هەنوکە لە عێراقدا و بە ئیلهام وەرگرتن لە کەلتوری فاشیستانەی بەعس چالاکانە کاردەکات. لەوەش زیاتر ئاگاهیمان تەنانەت لە ئاستی تاکەکەسیشدا زۆر کەمە یان هەر نیە لە بەرامبەر ئەو باڵەی شۆڤێنیزم کە سەرقاڵی تیۆریزەکردنی جۆرێک لە نکوڵکردنی پلان بۆ داڕێژراوە لە ئەنفال و هەڵەبجە، ئەو عەقڵانەی شۆڤێنیزمی عەرەبی کە سەرسەختانە پێشڕەوی ئەم پرۆژەیە دەکەن لەڕاستیدا کۆمەڵێک فاشیستی ناسراون لە نێوەندە جیهانیەکاندا و سالانێکە وەک بەشێک لە فاشیزمی جیهانی سەرقاڵی چەواشەکردنی ڕاستییە مێژوویەکانن لەسەر هۆلۆکۆست (جینۆسایدی جولەکە لە ئەوروپا لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لەلایەن ئەڵمانیای نازیەوە) ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم ئەوژمە سامناکە و دەبێت بەهەند وەربگیرێت.

هۆکانی گەلاڵەنەبوونی ئەوها کۆ-ئاگاهییەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆشخەیاڵییە کوشندەیەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد تووشی هاتوە و خۆ سەرقاڵکردنی ئەم سەرکردایەتیە بە بنیاتنانی گوتاری 'برایەتی کورد و عەرەب' وەک ئەوەی لەدەرەوەی ئەم گوتارە نەزۆکەدا کە زیاد لە نیوسەدەیە سەرکردایەتی سیاسی کورد گۆرانی بە باڵای گوولیدا هەڵدەڵێت بنەماگەلێکی دی نەبن بۆ پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب. هەروەها ئەو سروتە ترسناکەی کە ڕۆشنبیری کوردی سەرمەستکردوە کەمتەرخەم نیە بگرە بەرپرسیارە لە نەبوونی کۆ-ئاگاهییەک لە بەرامبار هەڕەشەکاندا، لە زۆر حاڵەتدا ئەم ڕۆشنبیرییە هەروەک سیاسیەکان، یان جەماوەر دڵنیادەکەنەوە کە شتێکی وا مەترسیدار لەگۆڕێ نیە و کەسایەتی نائاگای خۆبەکەمزان لەناخماندا پەروەردە دەکەن، یان لە بەرامبەری ئەم ئەوژمە لە شۆڤێنیەت خولیای ڕقمان تیا دەچێنن و هەوڵی پێگەیاندنی فۆرمێک لە شۆڤێنیەتی خۆماڵی دەدەن. مەبەست لەو سروتە سامانکەی کە وەک کۆلێرا کۆی ڕۆشنبیری کوردی گیرۆدەکردوە، ئەو کەشوهەوایەیە کە دەسەڵاتدارانی کورد بەمەبەستی بە گاڕانکردنی ڕۆشنبیران فەراهەمیان کردوەو ڕۆشنبیرانیش کە بە شەرابی سووری ترێشکەی ڕەزەکانی بناری 'دیموکراسی' ئەم دەسەڵاتە سەرمەستن و سەرقاڵی چالاکییە بێ بەروبوومەکانیانن کە لەشێوەی ڤیستیڤاڵ و دەرکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی (نوێ)دا خۆیان نمایش دەکەن، لە کاتێکدا لە زۆربەی هەرەزۆری ئەم گۆڤار و ڕۆژنامە نوێیانەدا جیهانبینیەکی نوێ بەدیناکرێت کە جیایان بکاتەوە لەو سەدان گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە لە قەیرانی نەبوونی خوێنەردان. هاوکات ئەو هەموو ووزە و داراییەی بۆ ئەم جۆرە لە چالاکی ڕۆشنبیری بەفیڕۆ دەدرێت

دەکرا/دەکرێت بخرانەیە خزمەتی ڤیستیڤاڵێک یان کۆنفرانسێکی نێودەڵەتی لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال، دڵنیام چالاکی ناوخۆیی زۆر کراون بۆ ئەم بۆنانە بەڵام یادکردنەوە گرنگیەکی ئەوتۆی نیە کاتێک لە چوارچێوەی پرۆسەی بە نێودوەڵەتیکردنی ئەم کارەساتانەدا نەبێت و ئەمانجی بە ئەرشیفکردنێکی زانستیانە نەبێت.

دواجار زۆر گرنگە بزانین کە یادەوەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی دیاریکراو زۆر کورتە و توانستی لە بیرکردنی کارەسات زۆر سەرسوڕهێنەرە، ئەشێت ئەمە زۆر پۆزەتیڤ بێت بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەخوازن ڕابوردویەکی پڕ کارەسات بخنە دوای خۆیانەوە و بەرەو داهاتوویەکی ئارام هەنگاو بنێن، ئەزموونی 'ڕواندا'ی پاش-جینۆساید باشترین نمونەیە بۆ ئەم جۆرە لە کارکردن لەسەر سڕینەوەی یادەوەریەکی بە جینۆساید بریندار، وەلی نابێت ئەو ڕاستیە پشتگوێ بخەین کە هاوکێشەی دەسەڵات لە ڕواندا لە بەرژەوەندی قوربانی پێچەوانە بووەووە، واتا لە ڕواندای پاش-جینۆساید قوربانی دەسەڵاتی سیاسی لەدەستە و کارکردن بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی جینۆساید و یادەوەری کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی قوربانیە کە باڵادەستە. لە کاتێکدا لە عێراق کار بۆ هێشتنەوەی هەمان دایکۆتۆمی جەلاد/قوربانی دەکرێت و پێناچێت لە داهاتوشدا پێگەی قوربانی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەخۆیەوە ببینێت. لێرەوە گرنگی کارکردنێک کە تەواو پێچەوانەی ئەزموونی 'ڕواندا'یە خۆی دەسەپێنێت، بەواتایەکی دی دەبێت کارکردنمان بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ئەو یادەوەریە بێت نەک بۆ سڕینەوەی، ئەمەش لەپێناو خۆپاراستنمان لە جینۆساید لە ڕێگای گەڵاڵەکردنی هۆشیاریەکی کۆمەڵایەتیەوە، پاشان ڕێککەوتن لەگەڵ جەلادەکانمادا بۆ پێکەوە ژیان لەسەر بنەمای هۆشیاریەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەم چەشنە. جێگەی نیگەرانیە کە پێدەچێت کورتیی یادەوەری کۆمەڵگای کوردی لەسەر ئەنفال و هەڵەبجە لە ڕۆژگاری پاش-بەعسدا لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسیی و ڕۆشنبیرە دیمۆکراتیخوازەکانیانەوە کورتتر بکرێتەوە، ئەم کارە مەبەستدارەش لە پێناو بنیاتنای عێراقێکی بەناو نوێ وەلێ لە پێکهاتەدا لە کۆپیەکی شێواو خراپی هەمان عێراقی کۆن دەچێت. ئەم کردارەش ناڕاستەوخۆ دەچێتە خزمەتی ئەوانەوە کە کار بۆ شێواندنی مێژووی ئەنفال و هەڵەنجە دەکەن. زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێین بێدەنگی لەم هەوڵانە بەقەدەر خودی هەوڵەکان تاوانن.

لە کۆتایدا ئەزموونی تاڵی جولەکە لەگەڵ فاشیزمی جیهانیدا بابەتێکی گرنگە بۆ ئێمەی کورد تا سوودی لێوەربگرین، چونکە کەم تا زۆر (وێڕای هەبوونی جیاوازی) بەهەمان ئەزمووندا تێپەڕدەبین. کوردیش وەک جولەکە تووشی جینۆساید هات و لەلایەن فۆرمێکی سامناکی فاشیزم و پان-ناشیونالزمەوە لەبەردەم هەڕەشەی تواندنەوەدا بوو، ئێستاش کورد وەک جولەکە نکوڵی لە جینۆسایدی دەکرێت لەلایەن هەمام فاشیزمەوە کە تۆڕەکانی کارکردنی بە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە. تا چەند کورد دەتوانێت سوود لە ئەزموونی جولەکە وەربگرێت (بابەتێک کە هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا لە سەری بدوێم)و ئەنفال و هەڵەبجە و مێژووی جینۆسایدی کورد لە هە هەوڵی شێواندن بپارێزێت گرنگترین پرسیارە لە ئێستادا دەبێت لە خۆمانی بکەین. بێگومان ئەم جۆرە لە شێواندنی مێژوو پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی بەناو بەڵگەی زانستی و مێژوویی و کاریگەریان دەبێت گەر پووچەڵ نەکرێنەوە و بە بەڵگە وەڵام نەدرێنەوە. لە کۆتاییدا مادامەکی ئەم کارە گرنگە و گەورەیە ئەو پرسیارە بۆ خوێنەر جێدەمێنیت کە کێ هەستێت بەم کارانە هەر لە ئەرشیفکردنی بەڵگەکانەوە تا دەگاتە بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی شێواندن، سەرکردایەتی سیاسی کورد کە خۆشخەیاڵن بە وەهمی برایەتی کورد و عەرەب، وەتا دێت بەرەو هەڵدێرمان دەبەن، یان ڕۆشنبیری کورد کە گیرۆدەیە بە کۆلێرای 'خۆ-بەپاڵەوانکردن' و سڕینەوەی 'ئەویدی'؟

**01/01/05**
**Oxford, England**

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بڕوانە:
http://english.aljazeera.net/NR/exeres/ECD352BE-6B8F-449F-8F97-C7AB0DC08A94.htm
هەروەها بۆ وەڵامدانەوەی لەلایەن (دوکتۆر نەجمەدین کەریم)ەوە بڕوانە:
http://www.kurdmedia.com/news.asp?id=6014
هەروەها بۆ وەڵامدانەوەی نووسەری ئەم بابەتە بە زمانی ئینگلیزی بڕوانە:
http://kurdishmedia.com/reports.asp?id=2324